

ئاكۆ ئاكۆیی

# خۆشبەختی ... گەش

( ١ )

( تۆش وەكو هەر كەسێكیتر، دەتوانی بەرە و خۆشبەختی بچیت ) ئەمە وتەی نووسەری ئەمەریكی خاوەن پەرتووكی بەرەو خۆشبەختی (ئانتونی رابینز)ە.

بەڵێ هەریەك لە ئێمە دەتوانێت لەتەمەنی ژیانیدا بەخۆشبەختی وكامەرانی بژیت، بەلآم بەمەرجێ رێساكانی بەرەو خۆشبەختی بە دروستی پەیرەو بكات، بەدیوێكی تر خۆشبەختی واتە گەیشتن بە بەشێك لە خواست و ئارەزووەكانی ژیان بەلایەنی كەمی، بۆ گەیشتن بە خواست و ئارەزووەكانمان بە دڵنیایەوە تەنیا رێگایەك نیە و زیاترە، بەلآم رێگاكان جیاوازن وەك رەنگەكان، چۆن رەنگەكان لەیەكتر جیاوازن رەش و سپی... تاد  رێگاكانی گەیشتن بە خۆشبەختیش رەش و سپین.

مەرج نیە خۆشبەختی دەوڵەمەند بوون بێت، زۆرێك لە دەوڵەمەندەكان خۆش بەخت نین كەسانی هەژاریش زۆرن خۆشبەختن، خۆشبەختی تەنیا ئەوەنیە لەتەلارە بەرزەكان ژیان بەسەر بەریت و دەوڵەمەند بیت ، دەكرێت بە باوك و دایكێكی باش و دۆستێكی دڵسۆزو دوو ئاشقی راستگۆ و بازرگانێكی بە ویژدان و بەرێوەبەرێكی شارەزاو قارەمانێكی بە توانا بڵێین خۆشبەخت.

مرۆڤەكان لە هەوڵ و كۆشش دان بۆ گەیشتن بە خۆشبەختی، گەیشتن بە خۆشبەختی جۆرێكە لە غەریزە لە مرۆڤ دا، چونكە هەموو كەسێك پێی خۆشەو ئارەزوویەتی لە ژیانیدا خۆشبەخت بێت، بەلآم خاڵی جەوهەری و گرنگ لەوەدایە كامە رێگا هەلبژێرین، ئەو رێگایەی كە كەسانی تر بە هۆیەوە بەدبەخت و داماو دەبن كە لە بنچینەدا خۆشبەختی نیە یا رێگا رەنگ سپی یەكە.

( ٢ )

گوڵێكی جوان و پەلك پان و خوناو لەسەر نیشتوو ببینین سەرنجمان بۆی دەچێ و یەكسەر دەڵێین ( گوڵێكی گەشە)، بە هەمان شێوە لە شەودا ئەستێرەیەك و مانگە شەو و چرایەكی داگیرساو ببینین دەڵێین ( گەش)ن، شۆخ و شەنگی و جوانی ژنێكیش هەر بە ( گەش) ی دەچوێنین.

پێناسەی (گەش ) ی جۆراو جۆرن لووتكەی جوانی، تۆماركردنی نەمری، ژیانێكی ئاسوودە، گەیشتن بە ئارەزووەكان.. تاد، ئەمانەو چەندین پێناسەیتر بۆ ( گەش)ی دەكرێن، هەڵبەتە هەموومان لەسەر پێناسەیەك هاورانین، هەركەسەو لە روانگەی خواستەكانی،  لە هەمان كاتیش پێناسەیەك هەیە كە زۆربەی زۆری مرۆڤەكان  دەیخەنە  نێو چوارچێوەیەك.

هەموومان لە هەوڵداین و خواستمانە بگەین بە ( گەش )یەكان، كە پێناسەكان جۆراوجۆربن، رێگای گەیشتنیش جۆراوجۆردەبن، بەلآم ( گەش)یش دوو جۆرن یەكێكیان خۆرسكە وەك ( گوڵی گەش و ئەستێرەو مانگ و جوانی ژن) دووەمیان كۆشش و گەیشتن و بەدەستهێنانە...  بۆ بەدەستهێنان دوو رێگا دەكەونە بەردەممان، هەنگاوی یەكەم هەڵوەستەكردن و بیركردنەوەیە بۆئەوەی كامە رێگا هەڵبژێرین .. رێگا و چونێك كە تەنیا من و تۆ و چەند كەسێك پێناسەی دەكەین، یاخود ئەو( گەش)ەی چەنگی لە نەمری گیر دەكات.